دەجوابی کاك قادری ئەلیاسی دا لە مەڕبە هەڵە نووسینی دوو وشەی

(دانە )و(دانەر)

وێڕای حورمەت

من بابتەکەتم لە سایتی کوردستان نێت دا لە مەڕ بە هەڵە نووسینی وشەی( دانە )لە جیاتی (دانەر ) یان بە پێچەوانەکەی واتە ( دانەر ) لە جیاتی (دانە) خوێندەوە، من پێموایە کاك قادر کە وشەی (دانە ) ی بە( ددانە) یان (دەندە )لێکیداوەتەوە بە هەڵەداچووە بۆ؟ چونکە تۆپ ددانەی نییە تا شت بهاڕێ بەڵکوئەوە گێڕە( چەرخ)ە کە ددانەی هەیەو کە دە شێعرەکەشدا ناوێکی نییە بە ڵکوو شێعرەکە باسی تۆپ دەکا ،جا مەبەستم ئەوە نییە کە جێوازی نێوان گێڕ وتۆپ شیبکەمەوە بەڵکوو مەبەستی من لە دەکارکردنی دوو وشەی ( دانە) و(دانەر)ە کە بۆتە هۆی هەڵە گرتنی کاك قادر لە بابەت بەیتی هەوەڵی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب دا من پێموایە وشەی ( دانەر) پڕ بە مانا وناوەرۆکی شێعرەکەیە کە هەر دانەریشە نەك( دانە ) ،ئەگەر ئێمە مانای شێعرەکە لێکبدەینەوە بە پێی لێکدانەوەی کاك قادر دەبێ بەیتی دووهەمی شێعرەکە ئاوا بگوترێ

( نایشکێنێ دانەیی گێڕی زەمان ) ئەودەم وشەی دانەیی لە جێی خۆیەتی بەڵام شێعرەکە دەڵێ ؛

(نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان ) کە نەمر دڵدار لێرەدا مەبەستی لە دەکار کردنی

تۆپی زەمان ( گۆی زەوی ) یە واتە ( کورەی زەمین ) و دانەرەکەشی کە خودایە و کە بە بێ هاوتاترین و بە دەستەڵات ترین هێز لە دونیایەدا ناسراوە ،

واتە خودا کە دانەری گۆی زەوینە ناتوانێ گەلی کورد تێکبشکێنێ ، جا منیش بە نۆرەی خۆم هیوادارم کاك قادرهونەرمەندی بەڕێز وخۆشەویستی گەلەکەمان ئەو چەند دێڕەم وەدڵ نەگرێ ،

بە حورمەتەوە خەمین ٢٥-١١-٢٧٠٤